کتێبی لاوان

2

# بەرنامەی هەنگاوی جیهانی بۆ لاوان لە ساڵی 2000

وەرگێڕانی: مەجید ساڵح

زستانی ١٩٩٩

بەرنامەی هەنگاوی جیهانی بۆ لاوان

# لاوان بەرەو
# ساڵی ٢٠٠٠

- بەرنامەی هەنگاوی جیهانی لاوان بەرەو سالی ٢٠٠٠
- لە بلاوکراوەکانی ریکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان.
- وەرگیرانی: مەجید سالح
- پیتچنین: کۆمپیوتەری لاوان.
- دەرهینانی هونەری: بارزان عارف.
- چاپخانە: چاپخانەی زانست
- تیراژ: ٥٠٠ دانە

# لاوان بەرەو ساڵی ٢٠٠٠

ئاگایی لەمەسەلەی لاوان بەمەبەستی دیاری کردنی نەخشەیەك بۆ مەسەلە پەیوەندی دارەکان بەو پێیەی لاوان حەساسیەتێکی زۆری بەدوایەیە. لەئاییندەی وڵاتاندا رۆلێکی بەرچاوو مەزن دەگێڕن بۆ پەرەپێدان-لەهەموو لایەنە جیاجیا کانەوە-ئەبێ پشت بەم توێژە گرنگەی کۆمەڵ ببەستریێ و بەرنامەی رێكو پێكو گونجاو بۆ ئەم مەبەستە دابنرێت لەبەرەئەوەی لاوان لەئاوەدان کردنەوەی وولاتاندا گرنگی یەکی زۆریان

هەیە، ئەبینی لەزۆربەی وڵاتاندا حکومەتەکان لەبوارە پەیوەندیدارەکان بەلاوان سەرمایە گوزاریەکی مەزن ئەنجام دەدەن. ئێستا هەندی پرۆژەی هاوکاری لەبوارەی چالاکیەکانی پەیوەندی دار بە لاوانەوە لەسیستەمی ڕێکخراوی نەتەوەیە یەکگرتووەکان هەیە بەواتەیەکی تر وەك چۆن کۆدەنگی یەکی جیهانی بۆ سەرکەوتنی بەرنامەکە لەئاستی جیهاندا گرنگە، لەئاستی ئۆرگانێکی نەتەوەیی-دەوڵەتیشدا شێوە دان و تەرویج و ڕاگەیاندنێکی نەتەوەیی بۆچارەسەر کردنی گیروگرفتەکانی لاوان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە.

بەمەبەستی ئاگادار بوون لە ناوەڕۆکی چالاکیەکانی ((بەرنامە هەنگاوی جیهانی لەساڵی 2000 لەوەش زیاتر)) پێش نووسی بەرنامەی هەنگاوی جیهانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەخەینە ڕوو-

ئەم بەرنامەیە بەزرۆی لەسەر ئاستی نەتەوەیی و هەرێمیدا ئەنجام ئەدرێت وەك چۆن ڕوون کراوەتەوە لەئاستی نێو نەتەوەیی و ناوچەیدا یارمەتی ئەدرێت.

ئەم بەرنامەیە لەشەش بوار گرنگی پێ ئەدرێت لەچوارچێوەی بەڵگەنامەی ١٠٣/٤٥ ئەنجومەنی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیە یەکگرتووەکاندا پێناسە کراوە.

تەوەرەکانی ئەم بەرنامەیە بریتین لە:

(خوێندن، کار، برسێتی، تەندروسنی، ژینگە، بەکارهێنانی مادە بێهۆش کەرەکان).

ئامانجەکانی ئەم بوارانە بەلەبەرچاو گرتنی گرنگێتیان بەم جۆرەی خوارەوە پۆلێن کراون.

# خوێندن

هەرچەندە لەم ساڵانەی دواییدا پێشکەوتن لەبواری خوێندن لەجیهاندا ڕووی داوە، بەلام ژمارەی نەخوێندەواران زۆر ەبێ. بەواتایەکی تر، لەوڵاتانی پێشکەوتوودا لەونەیە تاکو پێش ساڵی ٢٠٠٠ لەبواری خوێندن لەئاستی جیهاندا دوا بکەون.

دوو خاڵ کە بارەی سیستەمەکانی ئێستای خوێندن لەبەرچاوە بریتین لە:

ا-کەمی ڕەخساندنی هەل بۆ خوێندنی ژنانی گەنج و کۆچبەر، پەنا هەندەو کەمینەکان و لاوانی لادێ و لاوانی پەککەوتە.

ب- پەیوەندی خوێندن بەکارەوەو بێ سودی ئەو لەیارمەتیدانی لاوان بۆ گوزەر بەرەو بەتەمەنی.

بەمەبەستی هاندان و پەرەپێدانی سیستەمەکانی خوێندن بۆ ئەوەی زیارت لەگەڵ نیازی لاوان و نیازەکانی ئاییندەی کۆمەڵگادا بگونجێ، بەشداری کردن لەو ئەزموونانە سوود بەخش ئەبن.

## ئامانجەکان:

١-دەسکەوتە ٨٥٪ کانی گەشە سەندنی خوێندن لەنێوان کۆمەڵی لاوان تاکو مێژووی دیاری کراوە:

دەوڵەتە نەتەوەییەکان ئەبێ وەک بەێک لەسیاسەتی نەتەوەییان بۆ لاوان، هانی خوێندن و فێربوون بدەن، رێکخراوە نادەوڵەتیەکانی تایبەت بە لاوان و رێکخراوەکانی پەیوەندی دار بەخوێندن (وەک

ئەنجومەنی نێودەوڵەتی خوێندن و خوێندنی بەتەمەنەکان) ئەبێ هەنگاو بۆ پەرەپێدانی بەرنامەکانی خوێندن بنێن.

دەستە تایبەتی یەکانی لاوان لەوانە لاوانی کۆچبەر پەناهەندەو هەژار لەشارەکان و گوندەکان کەلەهەلوومەرجێکی ناخۆش و سەرگەردانیدا بەسەر ئەبەن، ئەبێ لایان بەلادابکرێتەوەو گرفتە تایبەتیەکان وەك خوێندەوار کردنی لاوانی نابیناو گرفتەکانی چارەسەر بکرێت. ئەبێ بەرنامەیەك دابنرێ بۆ ئەوەی کەسانی بەتەمەن و بەساڵاچووی خانە نشین شارەزایی و خوێندن فێری لاوان بکەن.

٢-رێزگرتن لە کەلتورو رەمزەکانی هاوچەرخی کۆمەڵگا:

دەوڵەتە نەتەوەییەکان ئەبێ بەرنامەو نەخشەی گونجاو دابنێن بۆ فێرکردن و ئاشنا کردنی لاوان بەکەلتوری کۆمەڵگای خۆیان. ئەشبێ بەهاوکاری ڕێکخراوە نادەوڵەتیەکانی تایبەت بە لاوان، بەرنامەی گەشتوگوزارو ئۆردووگای کار یارمەتی لاوان بدەن تاکو تێڕوانینێکی ڕاستیان بۆ هەمەڕەنگی فەرهەنگی هەبیو لەپاراستو پەرەپێدانی فەرهەنگەکەیدا هاوبەشی بکات. ڕێکخراوی (یونسکۆ) ئەبێ بەهاوکاری لەگەڵ ئەنجومەنی مۆزەخانە نێودەوڵەتیەکان و ئاسەوارە مێژوویەکان پەرە بە بەرنامە نێودەوڵەتیەکان بدات. لاوان بەفەرهەنگە جیاجیاکان ئەتوانن بەسوود وەرگرتن لەم بەرنامەیە یارمەتی گەڕانەوەی ئاسەوارە گرنگە فەرهەنگیە نێودەوڵەتیەکان بدەن.

## ٣-فێرکردنی تەکنیکی و پیشەیی:

دەوڵەت و دام و دەزگاکانی فێرکردن ئەبێ بەجێ بەجێ کردنی بنەمایەکی فێرکردن کەبتوانێ فێرکردنی تەکنیکی و پیشەیی پەیوەست بەئابوری نەتەوەیی مسۆگەر بکات، هەنگاو بنێ. هەروەها ئەبێ بۆ هەڵسەنگادنی دەستکەوتەکانی خوێندنی خوێندکاران و ئامادەکردنیان بۆ کار، کۆمەڵە سیستەمێك دروست بکات. رێکخراوە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان دەبێ لەچوارچێوەی هاکارییان لەگەڵ رێکخراوە نادەوڵەتیەکانی تایبەت بە لاوان، هەنگاو بۆ دروست کردنی باشترین مۆدێلی شارەزایی و فێربوونی پیشەیی، بنێت.

٤-فێرکردن بۆ بەرنامە نائاساییەکان.

دەوڵەتەکان دەبێ دەست بدەنە هەندێ ناوەندی چالاکی مەزن تاکو لاوان تێدا توانای نەخشەکێشانو تاقی کردنەوەو ئارەزووکانیان بەرجەستەبکەن.

٥-ژێر خانەکانی فێرکردنی کرێکارانی لاو وڕابەرەکانی لاوان.

ئەبێ دەوڵەت پێداویستیو کارئاسانیو بەرنامەکانی پەروەردەی کرێکارە لاوەکان هەڵسەنگێنێ. ئەبێ ئەو دەوڵەتانە لەسەر ئەساسی ئەو هەڵسەنگاندنە نەخشە بکێشنو بەرنامەی فێرکردن جێبەجێ بکەن. ڕێکخراوە ناحکومیەکانی پەیوەندی دار بەلاوان ئەبێ خولی

نمونەیی فێرکردن بۆ ئەندامانی ڕێکخراوەکان بکەنەوە تاکو لاوان سودی لێوەربگرن.

-ڕێکخراوی نەتوەیەکگرتووەکانو باقی ڕێکخراوە پەیوەندی دارەکان بەلاوان، دەست بدەنە دامەزراندنی دەزگایەکی نێودەوڵەتی بۆ فێرکردنی کرێکارانی لاو ڕابەرانی کریکاران، لەم بارەشەوە بۆ دەنگی بەشدار بووەکان ئەبێ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو لەڕیزی پێشەوەدا بن.هەروەها بەسوود وەرگرتن لە ڕێکخراوە پەیوەندی دارەکان-کە هەلی فێربوون بۆ لاوان ئەڕەخسێنن-ئەبێ کۆمەڵە بنەماو ڕێنمایەك بە سیستەمی بەربلاو بۆ بەرنامەکانی سەرەوە ئامادەبکرێت.

سەیرە، بەپێی لێکدانەوەی ڕێکخراوی نێو دەوڵەتی کار (ILO) بەمەبەستی دۆزینەوەی کار بۆ لاوان و کۆمەڵی چالاکی ئابوری وڵاتانی تازەپێگەیشتوو، لەماوەی بیست ساڵی ئایندەدا زیاتر لە سەد ملیۆن کاری نوێ پەیدا ئەکرێ. هەروەها دۆخی کچان و ژنان و لاوانی پەکەوتەو پەنابەران و کۆچبەرانیش پێویستە بەخێرایی لای بەلادا بکرێتەوە.

-پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو توانای بەرهەم هێنانی فراوان، بوەتەهۆی دابەزینی گرنگی هۆکاری مرۆڤ لەپرۆسەی بەرهەم هێناندا، جۆری بەرهەم هێنانێکی زۆر بەژمارەیەکی زۆر کەم کرێکار ئەنجام ئەدرێ.

لاوانیش لەڕیزی ئەو کەسانەدان کەبەهۆی ئەم پێشکەوتنەوە زیانێکی زۆریان بەردەکەوێ. چونکە ئەم

دۆخە پێشبینی لەئاینەدەیەك ئەكات كە هەلی دەستكەوتنی كار زۆر نزم ئەبێتەوە.

# ئامانجەكان

## ١-فرسەتەكانی كاركردن:

ولاتان و رێكخراوەكان ئەبێ نەخشە گەلیكی گەورە بۆ خەرج كردنی پارەو دۆزینەوەی كار بۆ لاوان دابرێژن، ئەبێ سود لەبازرگانی و سەرمایە وەربگیرێ بۆ پیشتگیری دارایی و تەكنیكی گونجاو لەگەڵ ئەو نەخشانەی باسیان لێوەكرا.

ئەبێ نەخشەكانی هاوكاری پەیوەست بەلاوان لەبەرهەم هێنان ودۆزینەوەی بازاڕ، پەرەبسێنێ، ئەبێ

بیرلـە دامـەزراندنی بـانکی پـەرەپێدانی مەسـەلەی لاوان بکرێتەوە...

## ٢-رەخساندنی هەلی کاربۆ گروپـە تایبەتـەکانی لاوان

ئەبێ ولاتان لەو پارەیەی کە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کـاری لاوان دایاننـاوە، بەشـێکی نـەگۆڕی بـۆ لاوانـی پەکەوتەو ژنـانی لاو وئـەو لاوانـەی کـەتازە لەخزمـەتی سەربازی گەڕاونەتەوە کۆچبەرەکان دابنێن، چونکە ئەم لاوانە پەیوەندی‌یەکی ڕاستەو خۆیان بەنەخشەو بەرنامە باس کراوەکانی سەروە هەیە.

## ٣-خزمەتگوزاری خۆبەخشان بۆ لاوان:

ئەبێ دەوڵەت هەندێ خزمەتگوزاری خۆبەخشانە بۆ لاوان لەو ناوچانەی کەئەم خزمەتگوزاریانەی تێدا نییە، لەبەرچاو بگرێ. ئەم بەرنامانە ئەتوانێ زامن کەری ئەو بابەتانەبن لەجێگەی خزمەتی سەربازیو پەروەردە. ئەو هەلە ڕەخساوانەش ئەبی بەرنامەی ئۆردوگای کارو پاراستنی ژینگەو هاوکارییە هەرێمیەکان لەخۆ بگرێ. ڕێکخراوەکانی لاوان ئەبێ ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەم نەخشەو بەرنامە خۆبەخشانە پەیوەندییان هەبێ.

**٤-مەرامە بەدیهاتووەکان لەرێگەی گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەکانەوە.**

-هەموو وڵاتان-بەتایبەتی وڵاتانی جیهانی سێیەم- ئەبێ هەلی کارکردن بۆ لاوان لەو بوارانەی کەبەهۆی

پێشکەوتنی تەکنەلۆژی‌یەوەتووشی گۆڕانکاری خێرا هاتووون، مسۆگەر بکات.

-ئەوانە ئەبێ سەنتەرێکی کۆکردنەوەی زانیاری کارکردن پێك بهێنن تاکو لاوان بەسود وەرگرتن لەوانە بەرەو لای ئەو کارە نوێ یانە ئاراستە بکرێن کە بەهۆی تەکنەلۆژی تازەوە دروست بووە....

## برسێتی:

برسێتی گەورەترین هەڕەشەیە بۆ جیهانی مرۆڤایەتی و بەئاسانیش کۆنترۆڵ ناکرێت. برسێتی چەندین هۆکاری هەیە، ئەو هۆکارانە بریتین لە: بەکارهێنانی نائاقلانەی سەرچاوە سروشتی‌یەکان، پیس بوونی ژینگە، کارەساتی سرووشتی و دەستکردی مرۆڤ، جیاوازی لەنێوان سیستەمی بەرهەم هێنانی

کۆن و نوێ، نەبوونی بەڕێوەبەرایەتی دابەش کردن، دابەش کردنی ناسروشتی سەرچاوە داراییەکان و زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان ێ لەکۆتاییدا شەڕوشۆڕو کوشت وکوشتار.

## ئامانجەکان:

**١-بەرنامەی چاککردنی کشتوکاڵ و خۆشکردنی ژیان بۆ ئەو ناوچانەی کشتوکاڵی تێدا ئەکرێت:**

-پێویستە حکومەتەکان خزمەتگوزاری پەروەردەیی فەرهەنگیەکان لەناوچە گوند نشینەکان فراوان بکەن و سەرنجی لاوانی بۆ ڕاکێشن پێویستە بەرنامە کشتوکاڵیە ئەزموونیەکان دۆزینەوەی کار بێت بۆ لاوان.

فراوانکردنی بەرنامەی فێرکردن بۆ ئەو لاوانەی کە ئەتوانن پەرە بشێوەکانی بەرهەم هێنان و دۆزینەوەی بازاڕ بدەن.

فێرکرن ئەبێ پەرە لەسەر بناغەی داخوازی یە ئابوریەکانی گوند نشینەکان و داخوازیەکانی لاوانی گوند نشین بێت و پشتی بەفراوانکردنی بەرهەم هێنان بەستێ.

ئەبێ لەرێگەی کۆمەڵە بەنامەیەکی لەم جۆرە خزمەت بەژنانی لاو وئەو لاوانەی کەلەشارەکانەوە ئەگەڕێنەوە بۆ گوندەکانیان و هەروەها ئەو لاوانەی کە پەکەوتە بێ یاخود پەنابەرو کۆچبەرن و یان لەخزمەتی سەربازی گەڕاونەتەوە، بکەین.

## ٣-بەخشینی زەوی بەو لاوانەی کەنیازی تایبەتی‌یان هەیە.

ئەبێ حکومەتەکان زەوی بخەنە بەردەست لاوان و ئەو ڕێکخراوانەی کەتایبەتن بەلاوان و بەکۆمەکی تەکنیکی و فێرکردن پیشتگیریان لێبکات. پێویستە ڕێکخراوی (FAO)و (ڕێکخراوی نێو دەوڵەتی‌کار-I L O) شارەزایی ئەزمونی نەتەوەیی لەبوارەکانی نەخشەی بەخشینی زەوی و نیشتەجێ کردنی گوندنشینەکان لەشێوەی بەڵگەنامە بلاوکاتەوەو بیدات بەحکومەتەکان.

هاوکاری لەنێوان شارنشین و گوندنشین لەبواری بەرهەم هێنان و دابەش کردنی خۆراک:

ڕێکخراوە ناحکومیەکان تایبەت بە لاوان ئەبێ دەستەی دۆزینەوەی بازاڕی ڕاستەوخۆی وەك

((تەعاونی بەرهەمو دابەش کردن)) پێک بهێنن، بەجۆریك بەرهەمە کشتوکاڵیەکان ڕاستەوخۆ لەرێگەی جوتیارە لاوانەکانەوە بدرێتە کڕیارەکان...

## تەندروستی:

لە سەرتاسەری جیهاندا لاوان بەدەستی هەژاری تەندروستی‌یەوە دەناڵێنن، هۆی ئەمەش هەلومەرجی کۆمەلایەتیو هەڵسوکەوتی خۆیانە، هەژاری تەندروستی بەزۆر هۆکاری هەژاری شارەزاییە.

گرفتەکانی هەڵقوڵاو لەهەژاری تەندروستی بریتین لە: نەخۆشی یە جنسیەکانی وەك ئایدز، سك پڕ بوونی خێرا، نەخۆشیە دەرونیەگان ، بەکارهێنانی مادە بێهۆشکەرەکان بەکارهێنانی کحولو توتن، هەندێ چالاکی ترسناكو ملهوڕانە کەدەبنە هۆی کارەساتو

بەدخۆراکی و لەکۆتاییدا نەبوونی خزمەتگوزاری دروستی بۆ لاوان.

# ئامانجەکان:

## ١-فراوانکردنی بەرنامەی تەندروستی جنسی:

پێویستە حکومەتەکان لەگەڵ دام و دەزگاکانی فێرکردندا، بەرنامەیەکی فێرکردنی شارەزایی جنسی بەرفراوان دابرێژن. حکومەتە نەتەوەیی و ئۆتۆنۆمیەکان ئەبێ بەهاوکاری رێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان، بەرنامەیەکی هەمە گیری فێرکرد لەم بوارەدا جێ بەجی بکەن. تاکو لەرێگەی ئەوانەوە رێگە خراپەکانی جنسییان بۆ دەرکەوێ.

## ٢-بەهێزکردن:

حکومەتەکان لەچوارچێوەی هاوکاری کردنیان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان، ئەبێ ئەو ئەنجومەنی نەتەوەییە تەندروستیانەی لاوان بەهێزبکەن تاکو ئاستی پاراستنی تەندروستی بەرفراوانبێت.

**٣-بەهێزکردنی بەرنامەکانی نەخشەکێشانی خێزان بۆ لاوان:**

پێویستە حکومەتەکان پەرە بەبەرنامەگەلێکی خزمەتگوزاری خێزانی بۆ لاوان بدەن، بۆ ئەوەی لاوان ئاگاداری هەل‌و مەرجی تەندروستی خێزان بن. هەروەها ئەبێ خزمەتگوزاری پێشکەش بەو لاوانە بکرێ کەلە هەلومەرجی سەرگەردانیدا دەژین.

٤-ریگـــە گرتـــن لەبڵاوبوونـــەوەی ئـــەو نەخۆشـــیانەی کەبـــەهۆی کـــرداری لاوازی تەندروســـتی‌یەوە لـــە لاوان دەردەکەون.

-ئـــەبێ حکومەتـــەکان بـــە هاوکـــاری رێکخراوەکـــانی تایبەت بەلاوان بەمەبەستی کەم کردنەوەی بەکارهێنانی توتـــن و بانگەشـــەی بـــەککارهێنانی توتـــن سیاســـەتی پێویست لەبەر بگرن،

-ئـــەبێ کۆمەڵـــە بەرنامەیـــەك ئامـــادەبکرێت تـــاکو لەرێگەیەوە بابەتی تەندروستی بەتایبەتی تەندروستی لاوان فـــێری خوێندکـــارانی پـــەیمانگا تەندروســـتیەکان بکرێت.

-ئـەبێ حکومەتـەکان مۆڵـەتی کـارکردن بـدەن بـەو دەزگایانەی کەدەیانەوێ کۆنترۆڵی مادەبێهۆشـکەرەکان بکەن.

-ئۆرگانـە دەوڵـەتی و نادەوڵەتی یـەکان ئـەبی بـەپێی پەیناننامەو بەڵگەنامە نێو دەوڵەتیەکان بەمەبەستی کەم کردنەوەی خواست لەسەر مادە بێهۆشکەرەکان هاوکاری یەکدی بکەن...

## ٥-بەرگیری لەبەدخۆراکی لاوان :

-ئەبێ حکومەتەکان بەسوود وەرگرتن لەکەسایەتی و رێکخراوەکانی تایبەت بەلاوان دەست بداتە بەهێزکردنی پرۆژەکانی تەندروستی لەقۆناغـەکانی پێش خوێنـدن و خوێندنـی سـەرەتایی. شـارەزایی تـەواو لـەبوارەکانی

خۆراك و جۆرەكانی خواردن ببەخشێ بەفێرخوازان و بەرنامەكانی خۆراك و خوێندنگاكان و ئامادەكردنی خواردن و هەر خزمەتگوزاری‌یەكی لەو جۆرە بدات بە لاوان.

## ٦-تووش بوون بەڤایرۆسی ئایدز لەنێو لاواندا:

ئەبێ حكومەتەكان و رێكخراوەكانی تایبەت بەلاوان پەرە بەبەرنامە تایبەتیەكانی شارەزایی و خوێندنی لاوان بدەن، بەجۆرێك كەبتوانن خۆیان لەتووش بوون بەڤایرۆسی ئایدز بپارێزن.

## ژینگە:

کارەساتی پیس کردن و وێران کردنی ژینگە بەردەوامەو ئەمەش یەکێکە لەو مەسەلە گرنگانەی کەلەسەر ئاستی دونیادا لاوانی نیگەران کردووە.

ژینگەی سروشتی دەبێت بپارێزێ و دژی هۆکارەکانی وێرانکردنی بوەستێن.

بەکارهێنانی گونجاو لەسەرچاوە سروشتیەکان بەجۆرێك زیان بەژینگەی سروشتی نەگەیەنێ و ببێتە هۆی گەشە کردنی ئابووری ئاستی ژیانی مرۆڤ بەرز ئەکاتەوە. هەرچەندە هەربەشێکی کۆمەڵ بەرپرسیارە لەپاراستنی ژینگە، بەلام لاوان لەپاراستنی چینگەدا ئەرکێکی تایبەتیان لەسەر شانەو رێکخستنی

سیاسەتی پاراستنی ژینگە ئەبێ سود لەلاوان وەربگیرێ.

# ئامانجەکان

١-بەستنەوەیی فێرکردنی ژینگەیی بەبەرنامەکانی نەهەجی خوێندن و فێرکردنەوە، بەرنامەیی ژینگەیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەبێ جەخت بکاتە سەر بەرهەم هێنانی کەرەستەی فێرکردنی بیستن و بینین کە ئەتوانن کاریگەربن لە پاراستنی ژینگە لەولاتانی تازە پێگەیشتوو وولاتی پێشکەوتوو.

٢-حکومەتەکان و رێکخراوە پەیوەندی دارەکان بەلاوانەوە ئەبێ لەرێگەی دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان

**شارەکان و بەرنامە هاوچەشنەکان هاوکاری نێوان لاوان بەهێزبکەن، تاکو بتوانێ بەسود وەرگرتن لە ئەزموونە بەدەست هاتووەکان لەوڵاتە جیاجیاکاندا بەشداری بکەن.**

**٣-بەهێزکردنی هاوکاری کردنی لاوان لە پاراستن و پەرەپێدان و هێشتنەوەی ژینگە:**

حکومەتەکان و رێکخراوە تایبەتەکان بەلاوان ئەبێ کاربکەن بۆ کەم کردنەوەی زبالە ((سرکەوان)) و بەرنامەو لێکۆڵینەوەی لەسەربکەن. بەشداری کردنی لاوان و رێکخراوەکانی لاوان لەم کارانەدا ئەتوانێ فێرکەوتنێکی باش بێت بۆ هەنگاوەکانی دوایی لاوان. ئەم بەرنامانە بۆ وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان ئەکرێ وەك چالاکیەکی

درێژخایەن تەما بکرێ، چونکە ئەتوانێ هەندێ هەلی کارکردن لەبازاڕە لاوازەکانی کاردا پەیدا بکات.

**سەرچاوە:**

-رۆژنامەی همشهری ١٩٩٩

له بڵاوکراوەکانی بەشی روناکبیری و راگەیاندنی
ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان